ئاوات شێخ جەناب: پابەندین بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق

وەزیری دارایی هەرەم رایگەیاند، بەپێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرەم پابەندن بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ ی خانەنشینی یەکگرتووی عێراق.

ئەمە سەشەممە ٦ـی ئایارـی٢٠٢٥، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرەم رایگەیاند، ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری پێشوازی کرد لە تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێری دارایی عێراق و هەرەمی کوردستان و گفتوگۆ لە سەر بەرنامەی کاری تیمە هاوبەشەکان کرا.

ئاماژەی بەوەشکرد، وەزیری دارایی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراقی لەسەر ئاستی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی بە تیمە هاوبەشەکان روونکردەوە کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە ئەوانەی تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ زیاتر بووە ڕەوانەی خانەنشینی کراون و بەشێک لەوانەشی کەس و کاری شەهیدو زیندانی سیاسی بوون بە پێی بڕگەیەکی یاساکە خزمەتیان بە درێژکراوەتەوە.

هاوکات، کورتەیەکیشی لەسەر دواین هەنگاوەکانی پرۆسەی بەبانکیکردنی مووچە لە ڕەی پرۆژەی هەژماری من خستەوو و وتی، بەپێی ئەو پلان و بەرنامانەی دانراون لەمساڵدا زۆربەی مووچەخۆران دەبنە خاوەن هەژماری بانکی خۆیان.

هەروەها، وەزیری دارایی و ئابووری لەدیوانی وەزارەت بۆئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی لەوەزارەتی دارایی و ئابووری و بەرپرسانی خانەنشینی لە وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی کرد لەسەر دواین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای ژمارەی ٩ خانەنشینی یەکگرتووی عەراق لەسەر ئاستی فەرمانبەرانی شارستانی و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا، وەزیری دارایی جەختی لەسەر بەردەوامی هەوڵەکان بە زوو تەواوکردنی مامەڵەی خانەنشینان دووپات کردەوە و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی راسپارد هەموو توانای خۆیان بخەنە گەڕ تابتوانرێت لە زووترین کاتدا مامەڵەی دەسیەی خانەنشینان تەواو بکرێت و دواتر داخەی لیستی مووچە بکرێت.